بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**
**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.**
**3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**
**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

## موحەمەدی موشیر

ولأمی پرسیاری یەکەم :

بەر لە هەر شتێك دەمەوێ لە ڕێگەی تریبیۆنی سایتی دەنگەکانەوە بە خوێنەرانی سایتەکەو جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانی ڕابگەیەنم کە ڕاستییەك هەیە پێویستە فەرامۆش نەکرێ و هەمیشە لە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیەدا ڕاڤەو شرۆڤەی ڕووداو دیاردەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی عێراق و کوردستان بکەن تا بگەنە دەرەنجام و بۆچوونی دروست و ڕۆشنی بابەتیانە ، ئەویش ئەوەیە کە عێراق ولأتێکی داگیرکراوە لە لایەن زلهێزێکی گەورەو خودان ئابووریەکی بەهێزی وەکو ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ... ئەمریکا ولأتێکە هەمیشە "نە دۆستی تا سەر دۆستە و نە دوژمنیشی تا سەر دوژمن" ، ئەمەش نەك ئەمڕۆ، بەڵکو هەر لەکۆنەوە یەکێکە لە پێگە پتەوەکانی پڕاگماتییانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی باڵای نەتەوەیی پیادەی دەکات نەك بۆ خاتری چاوی ڕەش و بەکلی گەلانی ستەملێکراو و چەوساوە، یان گەلانی ژێردەستە..هەرچەندە هەندێ جاران لە بڕگەیەکی مێژوویدا ڕەنگە بەرژەوەندە کاتییەکانی ئەمریکا لە گەڵ بەرژەوەندەکانی گەلێکی چەوساوەدا یەکبگرێتەوە! .. لێرەدا وا باشە ئاماژە بە وتەیەکی مادلین ئولبڕایت بکەم - کە پێشتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو - لە ڕاپۆرتێکی 80 لاپەڕەییدا لە ژێر ناونیشانی (( بۆ پشتیوانیکردنی دیموکراسی عەرەبی)) سەبارەت بەو قەیرانەی کە ئێستا پڕۆژەی دیموکراسی ئەمریکایی لە ناوچەی خۆرهەلأتی ناڤیندا تێیکەوتووە ئۆڵبڕایت ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە " واشەنتۆن پێویستی بە دیموکراسی هەیە لە ولأتانی عەرەبی نەك لەبەر بەها و نەریتە بەرزەکان ، بەڵکو بۆ ئامانجە بالأکانی ئاسایشی نەتەوەیی ". لە لایەکی دیکەدا ئۆلبڕایت لە ڕاپۆرتە چارەسەرسازییەکەیدا جەخت لەسەر خاڵێکی فرە گرنگ دەکاتەوە و دەڵێ:

" یەکێ لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە کۆسپ لە بەردەم وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ لە جیهانی عارەبیدا ، بریتییە لە لێکهەڵوەشانەوە و قەبارەی بچووکی بازاڕەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست( بە پێی پێوانەکانی سەرمایەگوزاری)، بۆیە پێویستە لە سەر واشەنتۆن هەموو کۆسپەکان لە بەردەم بازرگانی ناوخۆی ناوچەیی نەهێڵێت بە مەبەستی سەقامگیرکردنی پێکەوەگرێدانی ئابووریانەی ناوچەکە لە جیهانیبووندا".لە بەر رۆشنایی گوتە و پێشنیارەکانی ئۆڵبڕایت دەگەینە ئەو بەرەنجامە کە لۆژیکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەمیشە بەرژەوەندە باڵاکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندێکی دیکەی ئەمریکا و ئەو دیموکراسییەی ئەمریکا ئێستا لە عێراق و سەرجەم ناوچەکە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)بانگەشەی بۆ دەکات ،جگە لە دابینکردنی بەرژەوەندە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هیچی تر نییە.. واتە دیموکراسی ئەمریکا ، بە تاڵانبردنی دیموکراسییانەی سامانە سروشتی و نەتەوەییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و مۆنۆپۆلکردنی بازاڕەکانی جیهانە بەر لەوەی دیموکراسی بەهایەکی شارستانی و مرۆڤانە بێ، ئەگەرچی پەراوێزێکی تەسکی دیموکراسی شێواویش وەکو دەرەنجام لە ناوچەکەدا هاتبێتە ئاراوە!

ئەمە ئەو راستییەیە کە مەبەستم بوو بە جەماوەری کوردستانی رابگەیەنم ، رەنگە لە سەر ئەو بۆچوونەش هەموو لایەك کۆك نەبن ، بەڵام بەر لەوەی کوێرانە یەکترمان قەبوڵ نەبێ ، باشتر وایە فێربین چۆن گوێ لە یەکتر بگرین و بۆچوونە جیاوەزەکان بخوێنینەوە و چۆنیش تا ئەوپەڕی سوود لەم پەراوێزە دیموکراسییە وەرگرین و ئاگایانە رەفتاری لە گەڵدا بکەین .

سەبارەت بە پرسیارەکەتان ، هەرچی ئەمڕۆکە لە عێراق و کوردستاندا روو دەدات لە سایەی بارودۆخی هەبوونی ئەمریکا لە هەمان چوارچێوەی ئەو پرۆژە دیموکراسییەی ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکات بەدەر نییە ..دادگای باڵای تاوانەکانیش لە عێراقدا بە شێکی جیانەکراوەی هەمان ئەو پرۆسە دیموکراسییەیە کە ئەمریکا دەیەوێ لە ناوچەکەدا پراکتیزەی بکات و بە جیهانی نیشانبدات.. ئەو دیکتاتۆری بۆ لابردین لەمەشدا ویستێکی دێرینی زۆرینەی ئێمە (گەلانی عێراق ) کە رۆژانە بە درێژایی 35 ساڵی حوکمی بەعسییەکان بە شێوازو شێوەی جیاجیا سەرکوت و پاکتاو دەکراین هاتەدی و لەم خاڵە سەرەکییەدا بەرژەوەندەکانمان یەکیگرتەوە، بەڵام وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێ دادگایی ناکات بەڵکو بەو شێوەیە دەیکات کە خۆی دەیەوێت، چونکە ئەو لەم خاڵەدا لە رووی سیاسیەوە رزگارکەری ئێمە بووە، نەك هێزە سیاسییە نیشتمانییەکان لە وڵاتدا ئێمەیان رزگار کردبێ،بەڵکو هێزو لایەنەکانە نیشتمانییەکانی ناوخۆ درێژە پێدەرو تەواوکەری ئەو پرۆسەیەن کە ئەمریکا دەستی پێکرد.. کەواتە تا ماوەیەکی دوورتریش ئەو مەرجەکانی خۆی بە سەر ئێمەدا دەسەپێنێت ..ئەمە راستییەکە پێویستە بیزانین تا خۆمان دەسخەڵەت نەدەین و ئاسۆی بیرکردنەوەمان بەرتەسك نەبێتەوە، بەڵام هەوەکو لە پێشدا ئاماژەم پێکرد ئەمە رەوتێکی جیهانییە دەکرێ ئێمەش لە کوردستاندا هوشیارانە سوودی لێوەربگرین و لە کۆتاییدا بە قازانجی ئێمە بگەڕێتەوە. کێشەکە لەوەدا نییە کە تاچەند دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراقدا گونجاوە یان نەگونجاوە بۆ

دادگاییکردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد ، بەڵکو لەوەدایە چ لایەنێك ئەمڕۆ سیاسەت و شێوازی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە دادەڕێژێ و ئاڕاستەی دەکات ؟!! چ لایەن و هێزێکی سیاسیش وەك هێزی فشارلە پشت ئەوەدان دادگاییکردنەکە درێژە بکێشێ و بۆ چ مەبەستێك؟!

سیناریۆی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە بەو جۆرەی کەوا من دەیخوێنمەوە هەر لە دۆسیەی دوجەیلەوە بگرە تا ئەوەی ئەنفالەکان سیناریۆیەکی سیاسییە زیاتر لەوەی دادگاییکردنێکی یاسایی بێت و هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ناوەڕۆکی دادگاییکردنەکە ڕوونەداوەو ئاستەمە رووبدات(تەنها لە رووکاری دەرەوەیدا نەبێت). لە دۆسیەی دوجەیلدا دادوەرێکی کوردیان گۆڕی چونکە هێزێکی فشاری عەرەبی مەزهەبی شیعە و شەقامی شیعی لە عێراقدا لە ئەدای دادوەر رازی نەبوون ، ئەوان چونکە ستەمی زۆریان لە سایەی حوکمی بەعسی سونی مەزهەبەوە بینیبوو بەو شێوازە نەرمەی دادوەر رازی نەبوون بەڵکو لە ناخەوە ، لە نەستەوە ، پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد دادوەر تاپێی بکرێ سەدام زەلیل و ریسواو سەرشۆڕو مەحکوم بکات و هەرچی زووتر دادگاییکردنەکە کۆتایی پێبێت و سەدام و تاقمەکەی بە سزای خۆیان بگەن!! بەڵام ئاکام چی بوو .. تا ئێستاش هیچ ، نە جاڕی حوکمی کۆتایی راگەیەنراو نە کەسیش گوێی لە بڕیاری کۆتایی دادگابوو .... بۆیە لەوەی ئەنفالیشدا ئەگەر پێویستی کرد دە دادوەر دەگۆڕن .. تەنانەت بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی رای گشتی و کپکردنەوەی پەرچەکردارەکانی خەڵك ئەمە لە لایەکیان ، لە لایەکی تردا بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکە بەو شێوەیەی ئێستا هەڵگری پەیامێکی ناڕاستەوخۆی ئەمریکایە تا بە جیهانی عارەبی رابگەیەنێ فەرموون تەماشاکەن ئێمە چەند یموکراسیخوازین و چۆن بە ئاشکرا دادگایی دڕندەیەکی وەکو سەدام و تاقمەکەی دەکەین و هەموو مافێکی یاساییمان بۆ دابینکردوون و پابەندین بە سەرجەم ئەو پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییانەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن و دەپارێزن .بەڵام ئایا شەقامی کوردستانی ئەم راستیە دەزانێ؟

لەوباوەڕەدام بە شێوەیەکی گشتی نەك هەر شەقامی سادەی کوردی، بەڵکو چین و توێژە رۆشنبیرو لایەنە فەرمییە پسپۆڕەکانیشمان تائێستا لە ئاستی پێویستدا نەبوون کە بتوانن وەك هێزێکی فشاری کارا جێ پەنجەیان بە سەر رەوتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکەدا دیاربێ .

وەڵامی پرسیاری دووەم :

پرۆسەی دادگاییکردنەکە ، هەروەکو لە پێشدا ئاماژەم پێکرد ، بە بۆچوونی من سیناریۆیە و پێشتر دارێژراوە .. زیاتر مەبەستی بە سەرچوونی کاتە بۆ ئامانجێکی سیاسی دوور خایەنی نادیار، بە پێی هەموو ئەو بەڵگانە بێ کە پێشتر ئامادەو بە دۆکیومەنتکراون لە سەر ئەنفالەکان و کۆکوژی کورد و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ، چ لە روانگەی یاساو بڕیارو بەڵگەنامە یاساییە نێودەوڵتییەکان و چ لە سایەی قانوونە نیشتمانییەکاندا زۆر بە رۆشنی و راشکاوانە سزای ئەو جۆرە تاوانانە گەورانە و بکەرەکانیان

دەستنیشانکردووە و بۆیە پێویست بەو هەموو پەناو پێچ و درێژخایەنییە ناکات تا بسەلێ کە سەدام و داروودەستەکەی تاوانبارن یا نەخێر.....

گۆڕە بە کۆمەڵەکان باشترین گەواهی ئەوەن کە جینۆساید لە دژی کورد کراوە، شوێنەواری گازی ژەهراوی و فسفۆری بە سەر جەستەی بەشێکی زۆری قوربانیانی ئەنفالەوە دیارەو پێویست بە بەڵگەی لەمە سەلماوتر ناکات ، بەلاّم بۆ دەبێ دادگاییکردنەکە بەم شێوەیە بەردەوامبێت و جەماوەری کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ یەکلاکردنەوەی تاوانەکان بە سەرتاوانبارانادا پێویستە چی بکەن و چۆن رەفتاربکەن؟؟

ئەمەی لە وەلاّمی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێکرد پوختی مەسەلەکەیە لەلای من، بەلاّم منیش وەك هەر تاکێکی ئەم گەلە ستەملێکراوە، ئەگەر بەرامبەر نەست (لا شعور) خۆ بدەمە دەست و لەو روانگەوە سەیری مەسەلەکە بکەم ، بێگومان بمەوێ یان نا لە ناخمدا پاشماوەی تۆوێك هەیە لە گیانی تۆڵە سەندنەوەو فەرهەنگی توندوتیژی لە بەرانبەر ئەو دیکتاتۆرەو رژێمەکەی وەك پەرچەکردارێکی سروشتیانە کە خۆی لە ناخی من و هەر تاکێکی دیکەی کوردستانیدا چاندووە .. بۆیە رەنگە کاتێك نەبینم دادوەر وەکو پێویست ئەو لایەنە سایکۆلۆژیەم تێر دەکات و وەکو عەبدولاّ ئەلعامری بە دیکتاتۆر دەڵێ تۆ دیکتاتۆر نیت و دیکتاتۆریش نەبوویت ، لە گەڵ بیستنی ئەم قسەیە بێگومان لە شوێنی خۆمدا رادەچڵەکێم و پڕ بە دەنگ هاوار دەکەم لایبدەن ئەو .... مەیهێڵن .. بیگۆڕن .. دادگایی بکەن ، سەری پەلدەن ......تاد.ئەم بارە دەروونیەی من و خەڵکی کوردستان یان خەڵکی عێراق بە شێوەیەکی گشتی تا چەند کارایی لە سەر بەرێوەچوونی دادگاییکردنەکە هەیە و دەتوانێ ئەو شێوازە بەرێوەچوونە بگۆڕێ یان زووتر کۆتایی بە دادگاییکردنەکە بهێنێت؟؟ پێم وایە گاریگەریەکی ئەوتۆی نییە بە سەر گۆڕینی رەوتی دادگاییکردنەکە ، بەلاّم لەمە گرنگتر ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و ئەو هەموو وەزیرو ئەندام پەرلەمانەی لە ناوەند نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن بە ئاگا بن و هەرچی زووتر بتوانن لە رێگەی فشاری بەردەوام و بەدواداچوونی لە نزیکەوە داوای قەرەبووکردنەوەی بە پەلەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ئەوانەی دەربازیان بووە لەم کردە کۆکوژییە بکەن و بۆ رای گشتی عێراق و ناوچەکەو جیهانیشی بسەلمێنن کە کورد وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە جینۆساید کراوە کە ئەمەش بارو دۆخ و پێگەی سیاسی دۆزی رەوای گەلی کورد دەگۆڕێ و بە هێزتری دەکات و دۆستی تازە دێنێتە ریزبەندی دۆستە دێرینەکانی دۆزی کورد ، ئەمەشیان لەئاکامی کۆتایدا سەنگێکی زیاتر دەبەخشێتە کێشەکە و رێگردەبێ لە بەردەم دووبارە بوونەوەی کارەساتی مەرگباری بەربەریانەی لەم بابەتە .

وەلاّمی پرسیاری سێیەم :

ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی کوردی لە چوارچێوەی پەرچەکرداری سروشتی دەخولێنەوە بە شێوەیەکی گشتی دەرەنجامی ئەو بارە دەروونیەی پێشتر باسم کرد هاوکات لە گەڵ کۆمەڵی هۆکاری بابەتی کە پەیوەستن بە بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئەمڕۆدا ، بە داخەوە زۆر گەشبین نیم بەو دۆخەی ئێستا شەقامی کوردی پێیدا ڕەتدەبێ .. شەقامێکی هوشیارو ئاگا دەتوانێ زۆرشت بگۆڕێ، بۆیە پێویستە هەموو لایەن و توێژەرووناکبیروپێشکەوتووخوازەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا کار بۆ ئەو ئارمانجە بکەن کە بە شێوازێکی شارستانی وئاشتیانە شەقامێکیکاراو ئەکتیف لە کوردستاندا دروستبێ و ئاڕاستەیەکی دروست و ناتوندوتیژ وەرگرێ و لەو شێوازە عەفەوییەی کە ئێستا هەیەتی دەربازبکرێ. سەبارەت بە گۆڕینی ڕەهەندی دادگاییەکەش شەقامێکی نائاگا ناتوانێ کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبێ(جگە لە گۆڕینی کەسی دادوەر نەبێ ، کە ئەمەش لە رووی باری دەروونیەوە نەبێ لە رووەکانی دیکە گۆڕانێکی هێندە مەزن نییە) . شەقامی کوردستان ، لەو دۆخەی ئێستای کوردستان هێندەی سەرگەرمی کێشەو پرسە هەنووکەییەکانی ژیان و گوزەرانی رۆژانەیەتی هێندە سەرگەرم و خەمخۆری مەسەلە چارەنووسسازەکان نییە ، تەنانەت لەویشیاندا نازانێ چۆن داخوزییەکانی وەکو پێویست بخاتە روو ، خەڵك تا نەزانێ ئەرکەکانی سەرشانی چین ناتوانێ بە شێوەیەکی دروست و کارا داوای ماف و ئازادییەکانیشی بکات، تا شەقامەکەی بەردەرگای خۆی بە هی خۆی نەزانێ، نازانێ پاراستنی خاك و نیشتمان یانی چی،تا فێرنەبێ چۆن خاوێنی پارك و شوێنە گشتییەکانی شارەکەی بپارێزێ لە ماڵی خۆشیدا نازانێ خاوێنی یانی چی... ئەمانەو دەیان شتی وورد وورد بەڵام گرنگ هەن پێویستە شەقامی ئێمە بیانزانێ کەی ئەوانەی زانی ئەوکاتە راستەوخۆ هوشیارانە لە بەرامبەر رووداوێکی فرە گرنگ و چارەنووسسازی وەکو دادگاییکردنەکەی ئەنفالیش دەرژێتە سەرشەقام وسەنگی دەبێ و دەزانێ چی دەوێ لەم قۆناخەی ژیانی کۆمەڵگەکەیدا ، هیچ لایەن و کەسێکیش ناتوانێت بە ئاسانی فێڵی لێبکات یان بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵەی ببات .

وەڵامی پرسیاری چوارەم :

کورد هەر بەتەنها وەك مرۆڤ ، وەك ئیتنیك ، یا نەتەوە جینۆساید نەکراوە بەڵکو لە سایەی سیستەمی دەوڵەتی پۆلیسیی بەعسدا لە بوارەکانی کولتوور و فەرهەنگ و رۆشنبیری و زمانیشدا جینۆساید کراوە، جینۆسایدی کورد تەنها لەوەدا بەرجەستە نابێ کە بەعس ئەنفالی کردووین و بە گازی ژەهراوی کۆمەڵکوژی کردووین ، بەڵکو لەو لایەنانەی تریش تا ئێستا ئاسەواری سیاسەتی درندانەی بەعس بە سەر پێکهاتەی هزرین و تەنانەت بچووکترین رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی هەر تاکێکی کوردی و غەیرە کوردیشدا دیارەو پاشماوەی ماوە.. ئەم هەڵمەتی قڕان پێهێنانە لەلایەن بەعسەوە دەحەق بە کورد

کاریگەری گەلێ نێگەتیڤی هەبووە بە سەر کەسایەتی و دۆزی ڕەوای کورد .. کارکردن بۆ سەلماندن وچەسپاندنی ئەم ڕاستیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ، ئەرکی هەمووانە، بەر لە هەر لایەنێکیش ئەرکی هەرە لە پێشی دەسەڵاتی کوردستانییە .چونکە بە درێژایی مێژووی دەرفەتێکی مێژوویی لەم تەرزە بۆ کورد نەڕەخساوە کە بتوانێ بکوژانی خۆی بە ئاشکراو لە نێو قەفەسی تاواندا ببینێ و داوای مافەکانی بکات، ئەمە یەکەمین جارە بکوژانی دادگایی دەکرێن.

نازییەکان لە ئەڵمانیا و عوسمانییەکان لە تورکیادا تا ئێستاشیان باجی ئەو جینۆسایدە دەدەنەوە کە لە سەدەی ڕابردوودا بەرامبەر جولەکە و ئەرمەنەکان ئەنجامیاندان ، بۆیە چەسپاندنی کردەی جینۆساید لە دژی گەلی کوردا گرنگی و بایەخی لەوەی جولەکەو ئەرمەنەکان کەمتر نابێ و کوردیش وەك هەر نەتەوەو ئیتنیکێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە بەو شێوەیەی کە خۆی دەیخوازێت، سەلماندنی جینۆساید ئەم زەمینەی بۆ پتەوترو بەهێزتر دەکات و هاوکات تێکڕای ڕای گشتی جیهانی لەو کەسایەتییە بەدناوانەی وەکو(فرانس ڤان ئانرات)بە ئاگا دێنێت و ، بەو جیهانە بێخەبەرو بێئاگایەی دەناسێنێ و دەیخاتە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی کە ئەمەش دەسکەوتێکی مەزنە بۆ گەلی کورد و بە ڕەواناسینی دۆزەکەی ئەمە لە لایەکیان ، لە لایەکی دیکەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە بە ئاگادێت کە کامانەن ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی لە پێناو هەرچی زیاتری قازانجی خۆیان پێشێل وسەرپێچی یاساو ڕێککەوتننامەکانی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژیان کردووە و هاوکار بوون لە گەڵ ڕژێمی بەعس و ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە لە جینۆسایدکردنی کورد.لەم کێشەیەدا سەرکردایەتی سیاسی کورد سەرکەوێ سەرکەوتنی گرنگتریشی بەدوادادێت کە ئەم گەلە ماف پێشێلکراوە بە ژیانێکی ئاسوودەترو دوارۆژێکی گەشتر بۆ نەوەکانی داهاتووی بگەیەنێت .

---

بۆ وتە خوازراوەکانی مادلین ئولبڕایت بڕوانە وتارێکی وەرگێڕدراوی(سعید محیو )
کە لەلایەن بەندەوە لە ژمارە 709 ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە لاپەڕە 4 دا بلاْوبۆتەوە لە 2006/9/20 .